ئینقلابی سەربازی وەک شۆشەک..
ئیدریس مستەفا سالح

دیدەکی سیاسی فکریە بۆ ئینقلاب و شۆش لە پراوێزی کودەتا سەربازیەکانی کیشوەری ئەفریقیادا لەوانە گابونی ئەمڕۆکە.
یەکەم: هیچ وڵاتێک نیە لەم دنیایەدا هەزی سەربازی قسەی یەکەمی نەبێ تێیدا. لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ئەفریقیا و ئەمریکای باشوور ئەو هەزە سەربازیە زۆر دیارە لە کاروبارەکانی وڵاتدا بەڵام لە وڵاتانی ڕۆژئاوا (ئەورووپا و ئەمریکای باکور) ئەو هەزە سەربازیە شاردراوەتەوە و زیرەکی غەریبیش لەمدایە. ئەگەرنا، لە غەرب سەرباز هەزی ئەوەندە و ئاخیری وڵاتکانیانە. توانای سەربازی هەر لە گەورترین کارگەکانی چەک و تەقەمەنیەوە تا دەگات بە هەزی چەکی ناوەکی و دەستوەردانی سەربازی و هەڕەشەی سەربازی بە هەموو ولاتانی جیهان یەکەکە لە نیشانە هەرە دیارەکانی سیاسەتی وڵاتانی ئەورووپی و ئەمریکیە. ئەمریکا لە ئاسیای دوور و ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یاخود فەرەنسا لە ئەفریقیا جگە لە هیزە سەربازیەکانیان کە بەرژەوەندیە ئابوریەکانیان دەپارێزە هیچ شتێکی تریان نیە.
دووەم: هەر ئەم هەزیە وا لە ولاتێکی وەک فەرەنسا دەکات کە زۆر بەت بەسەر زۆرێک لە وڵاتانی کیشوەری ئەفریقیادا. کاتێک وەک کۆنیالیستێک ئەو کیشوەرەی بەجێهێشت هەزی سەربازی لە هەر یەکێکیان دروست کرد و بەر بەو هیزەش دەسەڵاتی وابەستە بەخۆی دادنە هەر لە سەرەک و سەرکردەوە تاکو ئیدارەی حکومی. لەو نەوەدا سیستەمی دیممۆکراتی هەبژاردنکیان داناوە و ناویان لێناوە (لیجیتمەت پاوەر) دەسەڵاتی شەرعی. خۆکی ئەو وڵاتانەش دەبینین ولاتکانیان لە پشی پشەوەی ریزبەندی هەژارانی دنیادایە و ڕۆژ بە ڕۆژ ژیان و گوزەرانیانی خۆشیان بەرەو خراپتر بوون دەچێ ئەوا بەگومان نارازی دەبن بەو بارودۆخە کە دەسەڵاتی کۆنیالیستی و ناوخۆ.
سێهەم: بە درێژایی چەندان دەیە، لە دوای جەنگی جیهانی دووهەمەوە بە گشتی، سیاسەتی کۆنیالیستی کە قەرخی سیاسی و مالی و کەمایەتی و فەرهەنگی کردووە هەرچی هەزی جەماوەری هەیە بە فکری سیاسی کە بتوانێ ڕکخستن و حزبی سیاسی بەخۆی هەبێ مراندووە. لەگەڵ ئەوەی شپەلی نارازایەتی لە رادەبەدەری خۆک هەیە دژ بە هیزی کۆنیالیستی و دژ بە گەندەڵیە سیاسی و ئیداری و ماڵیەکانی

دەستاتی ناوخۆ هیزێکی جەماوەری ناتوانێ بتە دژ و ئەو شەش بکات کە ڕەوشی سیاسی وڵات بگۆڕێ بۆیە هیزی عەسکەر ئەمە دەکات و ئەوەی ئیستا لە چاند وڵاتێکی ئافریقی وەک نەیجەر و مالی و بورکینا فاسۆ و چاد و گابۆن دەجێتە پشتەوە جگە لە شەشێک دژ بە هێزی قەرخکاری غەربی شتێکی تر نیە بەڵام سەرباز بەم ئەرکە هەڵدەستن. لە ڕووی سیاسیەوە غەرب دەیانەوێ ئەم ڕاستیە تەماتبار بکەن بەوەی ڕوسیای لە پشتەوەیە یاخود لە ماهیەتێ سیاسی و مژووییەکەی کەم بکەنەوە گەڕ بە هەمان بۆبیانوو بەڵام ڕاستیەکەی نارەزایی سەراسەری کیشوەری ئافریقیایە لە فەرەنسا و هەموو ڕژئاوا. پاشان لەوە ئاسایی تر نیە گەر جەمسەرێک پشتیوانی و هاوکاری خۆی دەربخات بە هەزێک لە وڵاتێکی تر وەی ئەوەی ڕوسیا و چین دەیکەن لە ئافریقیا یاخود فەرەنسا و ئەمریکا دەیکەن لە شوێنانی تری جیهان.

چوارەم: ئەمە هەردەم وا تێگەیشتووین کە شۆڕش واتە ڕاسانی جەماوەری خەڵک. ئەمە دروستە بەڵام بە دەوریەک لە ژیانی وڵاتانی ئافریقیا بۆ بارودۆخانەی باسمان کردن جگە لە ئینقلابی سەربازی شتێکی تر لەو نەوەدا ئەو هێزەی نیە بۆ ئەرکانە هەبسەت. پاشان ئینقلاب وەک چەمک گەر گرفتێکی هەبێ لە بارێوە ئەوا وەک تەرحێکی بەردەست بۆ ڕژگارکەی ئاوها کە وەڵام بۆ داواکاریە سەرەکیە جەماوەریەکان بداتەوە لە ئامانج و ئەرکدا کە سەربەخۆیی وڵاتکانیانە لە داگیرکاری و قەرخکاری ئەوا کودەتای سەربازی شەشەکە بەخۆی بۆتایبەت دوای هەر کودەتایەک جەماوەر بۆ شۆڕش دێنە سەر شەقامەکان بۆ پشتیوانی کردنیان. ئەوەی دیارە کودەتای سەربازی هەمیشە بۆ نابودی و خراپ پیشان بدات ئەو هێزە غەربیانەن کە بۆ درێژایی سەد ساڵی ڕابردوو قوتابخانەیەکی سیاسی فکریان داناوە و لە هەر جێیەک بەرژەوەندی خۆیانی تێدا بوو ئەوا شەش یاخود بۆهاری عەرەبیە یان ئینقلابۆ. فکری سیاسی ڕەسمی غەربی ئاماژە بۆ هیزی سەربازی خۆیان نادەن کە بۆهیەوە جیهانیان تەوق کردووە بەڵام کاتێک وڵاتێک بیەوێ ئەم هیزە سەربازیە بۆ سەربەخۆیی یاخود بۆ بەرژەوەندیەکانی وڵاتەکەی خۆی بەکاربهێنێ ئەوا بۆ "ئینقلابچی" ناودەبرێن. مژووی وڵاتانی غەربی پڕە لە مژووی کودەتا سەربازیەکانیانە بەسەر دەسەڵات و فەرمانڕەوا نیشتمانیەکانی وڵاتانی تر هەر لە کیشوەری ئەمریکای لاتینەوە تادەگات بۆ ڕژهەڵاتی ناوەراست و ئافریقیا.

پێنجەم: ئەوەی ماکرۆن دەپاریزی لە ناو کەشکی شانزلیزی ئەوا هیزی سەربازیە و ئەوەی فەرەنسا وەک وڵاتێکی گەورە دەردەخات لە جیهاندا هەزی سەربازیە، ئەوەی زمانی فەرەنسی لە کیشوەری ئافریقیادا

کردووە بە یەکەم زمانی ولاتەکانیان ئەوە زیادی هەڵە سەربازیە ئیستعماریەکەیەتی. ئەوەی لە دنیای غەربی هەیە لە سیستەم و ئیداراتی حکومی و وڵاتدا هەمووی بە هیزی سەربازی راگیراوە و هەر هەڵەیسانەکی جەماوەری رووبدات ئەوا یەکسەر هیزی چەکداری بە پۆلیس و سەربازەوە دەهێنن ناوەڕاستی شەقام و ئەوەی بیانەوە دەیکەن. خۆپیشاندەرێکی نارازی بە تەکدەر و گەرەشوێن ناوزەد دەکەن و هیزی خۆشیان بە هەورکەرەوە و زیبت و ڕیبتی وڵات لە قەڵەم دەدەن. بەیە لەهەر وڵاتێکی ئەم دنیایە ولاتانی غەربی لە پێش هەموویانەوە هیزی سەربازی دەی دەوڵەت و حکومەتەکانیانە بە مانەوەی خۆیان و بەرژەوەندیەکانیان چ لە ناوەوە و دەرەوەی سنورەکانی خۆیان. حکومەتی مەدەنی تەنها شکڵی دەرەوەی حکومەتەکانیانە و هەموو ئینقلابێ سەربازیەکانیش دواتر دەبن بەو حکومەتە مەدەنیە و ئیدارەی مەدەنی حوکمی وڵات دەکات بە جلوبەرگی مەدەنیەوە.
٣٠ی ٨ی ٢٠٢٣

کۆشەی کرێکاران و وازهێنانی بەدەنگ و کاریگەرییەکانی لەسەر هەقدەست و کار لە ئەمریکادا..
غازی حەسەن

ئیمیلی ڕەز(مەکەای) کە سەرکردایەتی تیمی توژینەوەی داهاتووی کارەکانی گارتنەر دەکات، دەڵێت: "بەکرێگرتنی بەدەنگ یەکێکە لەو چەندین ڕەوتەی، کە ئەمە دەستنیشانمان کردووە و ئاگاری ئەوەی لە دەکرێت کاریگەرییەکی گەورە لە ساڵی 2023 بە داهاتووی کار دروست بکات". ئەمەش سەبارەت "بە هەندێک ڕەکخراو دەبەتە گەینی یارییەکە".
تەکنەلۆژیا زالە و کارەکانی پێگەیەکی فراوانیان هەیە و مانشتی ڕۆژنامەکانیشان خستەتە ژێر کارتێکردن و کاریگەریی خۆیان، بەڵام ئابووریێکی گەورەتر و بەهێزتر لەئارایە. زەربەی ئابووریناسان تاکو ئێستاش پێیان وایە، پاشکشەیەکی دیکەی ئابووری کار ڕێنگ

لەساڵی ٢٠٢٣دا ڕووبدات. بەپێش بەدەنگی و لێدوانگەی "دامەزراندنی بەدەنگ" کەمپانیاکان دەستیان بە هەنگاونان کردووە لەپێناو کەمکردنەوەی تێچووەکان و ئەمەش بە ئاوێتە کورد گوتەنی (پێش تا بڕێک بەخێیاندا بدەن)، واتە پێش ئاووی ئابووری جارێکی دیکە بەرەو لێژیی بچێتەوە، ئەوان هەندێک هەنگاوی کردەیی بە چارەسەری قەیرانە پێشبینی کراوەکان بهاوێژن.
(نیوزویک)ی ئەمەریکی لە بابەتێکی شیکاریی ئابووریی و مەسەلەی کار و کێشەی هەڵبژاز و دابەزیی ئابووری وەاتەکەی و ترس لە دابەزینی بەها و پێگە و هێزی ئابووری دەڵێت: (کەری کانتینگ)ی ئابووریناسی دیار لە (لینکیدئین) دا گوتیەتی: "لێدوانێ هەموو ئەو نادڵنایی و نیگەرانییە ئابووریی هەیە، خاوەنکارەکان بەوردیی چاودێری ڕێگاچارەکان دەکەن لەپێناو بەدیهێنانی پێداویستییەکانیان، بە ئاوەی بکەرەوە پابەندبن بەگۆشەپێدانی هێزی کارەکانیان." ئەوان ئەم ڕێگا چارەیان ناوناوە "دامەزارندنی بەدەنگ".

https://www.cnbc.com/2023/02/06/how-the-us-labor-market-went-from-quiet-quitting-to-quiet-hiring.html

ڕۆژنامەکان و ناوەندەکانی توێژینەوەی ئابووری و پرسە و دەرفەتی کار لەم بارەوە دەڵێن وازهێنان بە بەدەنگی لەبیر بکە، ساڵی ٢٠٢٣ هەموو شتێک دەبێتە "دەرکردن بەدەنگی بەرز"، واتە ئەم "بەدەنگییە" نامێنێت کە ئێستا لەنێو بازاڕ و بواری کار و لە بڕانبەر دەستی کاردا هەیە. ڕاپرسێک لە (نیوزویک) لەلایەن (گولیا کاربەنار) لە ٢٣-١-٢٠٢٣ ئامادە کراوە و هەروەها ڕاپرسییەک ئەنجام دراوە، لەوەدا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە و ئاشکرای دەکات: زۆربەی ئەمەریکییەکان ئەمساڵ بیر لەگۆڕینی کارەکانیان ناکەنەوە. کەمپانیاکانی تەکنەلۆژی وەک ئەمازۆن، مێتا و تویتەر ژمارەیەکی زۆر گەورەی کرێکارەکانیان لەکارەکانیان دوورخستەوە و ڕاشیانگیاند دوای زیادبوونی پێویستی دامەزراندنی کرێکار لە کاتی باوبوونەوەی پەتای کۆڤید-١٩دا ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی مۆترسییەکانی پاشکۆی ئابووری خرێکە دەڵاوکێ بە کرێکاران و بازرگانەکان زیاد دەکات. دەست لەکارکێشانەوە گەورەکەی ساڵی ٢٠٢١ تاکو ڕۆوشی "وازهێنانی بەدەنگ"، کە لە ساڵی ٢٠٢٢دا ئەنجام درا، وەکو دوو کاردانەوە و قەیرانی دیار لەنێو بازاڕی کاری ئەمەریکادا دادەنرێت و ئەمەش بە یەک دوو ساڵی پێ لەگۆڕاودا تێپەڕی، بەڵام مەسەلەکە لەساڵی ٢٠٢٣دا، لە لەواری پاشکۆیەکی بەرچاو دایە و ئاگاری ئەوە دەکرێت، ئەمە بتوانێت کاریگەریی قووڵ لەسەر ئابووری

وەتەکە دروست بکات. بەیەکە کرێکارانی ئەمریکی دەیانەوێت لەشوێنی خۆیان بمێننەوە و بەجدییەوە دەست بە کارکانیانەوە دەگرن. بەپێی زانیاری نوێ لێژنامەکانی ئەمریکا و ئاژانسی ڕۆیتەر (شارق ئەلئەوسەت) لەڕۆژی ١٩ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ لە ژمارە (١٦٠٦٢) بڵاوی کردۆتەوە هاتووە: ملیۆنێک و شەش سەد و دوو هەزار کەس لە ئەمەزۆن وەکو کار بە کاتی تەواو، یان نیوە کاتی کار کرێکاری دەکەن لەکاتی پەتاکەی کۆرۆنادا لەساڵەکانی ٢٠٢٠-٢٠٢٢ ژمارەیەکی زۆر خەڵکی دامەزراندووە بەیەکە بەیاریان داوە ژمارەی کرێکارەکانیان کەم بکەنەوە. پەیمان وایە دەخی ئابووری هەشتا لەدەخەکی ئاڵۆز دایە و لەم ساڵانەی دوایدا بەشێوەیەکی خێرا خەڵکیان دامەزراندووە، بەیەکە بەیاریان داوە هەزارەها کرێکار لەکارەکانیان بووەستێنن. ئەمە تەنیا نموونەیەکە لەهەموو ئەو فشارانەی ئابووریانەی کاریگەری لەسەر کرێکاران و مووچە و ژیانیان دروست دەکات.

بەپێی ڕاپرسییەکەی کەمپانیای (ئێدفەلد و ویلتێن ستراتیژی) و (نیوزویک) ٦٤٪ کرێکارە ئەمریکییەکان واتە زۆرینەیان ئەمساڵ ٢٠٢٣ بەنیاز نین و نایانەوێت گۆڕانکاری لە کارکانیان بکەن. ئەمەش ڕووشی ئابووری و تایبەتمەندی بازاڕی کاری لەنێو ئەمریکا پێچەوانە کردۆتەوە. ڕووشێک سەبارەت بەو ژن و مێردانەی ساڵەها کار دەکەن، یان ئەوانەی هەمیشە بەدوای دروستکردنی هاوسەنگی واقیعی ژیانی کار و ژیانی هەنووکەیان بووون و باسی ئەم هاوسەنگیان لەنێوان ژیان و کارکانیان دەکرد وەکو هەکارێکی سەرکی وابوو تاکو کارکانیان جێ نەهێڵن، بەڵام دنیابوون لەدەخی ئابووری ئەمریکا و جیهانیش وایکردووە کرێکارانی ئەمریکا لەبەر مەترسی بازاڕی کار و دەخی ئابووری ئەمساڵ بیر لەگۆڕینی کارکانیان نەکەنەوە. کەواتە بۆنە بەرچاوی خۆتان دەخەکە چۆندە خراپە، ئایا خەڵک دەتوانن لەدووڕوە لەکارکانیان بەردەوام بن. ئایا ئەمە بکەردەوە و بەواتای هەقیقی سەردەمی "وازهێنانی بەندەگە"؟.

ئەمساڵ لەکەرتەکانی تەکنەلۆژیا بڕیارە کرێکار و مووچەخۆرەکانیان دەرکرد، لەکردەوەدا ئەم دەرکردنە بڕیارەی لەساڵی ٢٠٢٢وە دەستی پێکردووە. مایکرۆسۆفت لە سەرەتای شوباتی ٢٠٢٣دا ڕایگەیاند ١٠ هەزار کارمەندەکانی لەپێناو کەمکردنەوەی ڕێژەی تێچوون لەکارکانیان دوورددەخەنەوە. (ساتیا نادێلا) بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کەمپانیای مایکرۆسۆفت لە (داڤس)دا ڕایگەیاندبوو "کەس ناتوانێت سەرپێچی لەهەزی کەشکردن بکات، ئەم کەشکردنە بریتییە لە گۆڕینی ئابووری ڕێکخراو بەهەی هەڵاوسانەوە دێتە ئاراوە".

کەمپانیا گەورەکان بەیاریان دا هەزاران کرێکار لەکارکانیان

دەربکەن لەوانە ئەمازۆن ١٩ هەزار کرێکار و مەتا ١١ هەزار کرێکاری دەرکردووە، لەو کاتەی (ئیلان ماسک) دەستی بەکارکردووە و تویتەریش نیوەی هێزی کار لە کەمپانیاکەی دەرکردووە. ئەم پرسەی دەرکردنەش ناونراوە "دەرکردن بەدەنگی بەرز". (جان بلاڤینز) مامۆستا لە کۆلێژی بازرگانی ئیس سی جینسەن لە زانکۆی کۆرنێل بە نیوزویکی ڕاگەیاندووە "ئەم دەرکردنانە دەرنجامی دامەزراندنە زۆرەکەی سەردەمی پەتای کۆرۆنایە. ئەو کات کە بازرگانی بەخێرایی زیادی کرد بە پێکردنەوەی پێویستییەکان کرێکاری زۆر و بەپلە دامەزرێنران، ئێستاش لەگەڵ خاوبوونەوەی ئابووری، خاوبوونەوەکە کاریگەریی لەسەر سوود و قازانج دروستکردووە، بۆیە بازرگانەکان دەیانەوێت خێیان لەگەڵ خاوبوونەوەی ئابووری بگونجێنن".

لەدرێژەی ئەم شیکردنەوەیەدا لە "نیوزویک"دا ئاماژە بەوە کراوە ئەمە هەشتا هەست بەئازارەکانی قامچیە تونددەکانی وەستان و قەیرانی ئابووری لەساڵی ٢٠٢٠ دەکەین و سەرباری درێژەکێشان و دووبارە بوونەوەی لەساڵی ٢٠٢١دا. دەرکردنی بەکۆمەڵی کرێکاران لە کەمپانیاکانی تەکنەلۆژی دەرنجامی ئەو بڕیارە خرایەیە، کاتێک خواست لەسەر خزمەتگوزاری زەربوو و هێڵەی داواکاریی و پێویستی خراکردنی بازرگانی بەرزبوونەوە، پێویستیان بە کارمەند و کرێکار زیاد بوو، بۆیە بەشێوەیەکی خرا خەڵکیان خستە کارەوە، ئێستا ئەمە پێچەوانە بۆتەوە، بەهۆی خاوبوونەوەی بازرگانی و داواکردن بەدەنگی بەرز بەکۆمەڵ کرێکارەکانیان لەکارەکان دەردەکەن.

لەهەمان کاتدا شارەزایانی بواری ئابووری پێیان وایە ئەم دۆخەی لانەوە کەمپانیاکانی تەکنەلۆژیدا هەیە، نابێت نیگەرانی لای کرێکارانی بواری پیشەسازیی دروست بکات. (گریگەری دیفرێتاس) لەزانکۆی ئابووری و بەڕێوەبردنی سەنتەری لێکۆڵینەوە لە کار و دیموکراسی لەزانکۆی هەڤسترا دەڵێت "بازاڕی کار لە ئەمریکا بەپێی هەموو پێوەرە ستانداردەکان کار و مووچەت تێدا بەهێز دەمێنێتەوە. هەرچەندە دەرکردن لە بواری تەکنەلۆژیادا بۆتە مانشێتی زۆربەی هەواڵەکان، بەڵام ئەمە تەنیا لە کاردانەوەیەکی کورتبینانەی کۆپیکراو دەچێت، لەکاتێکدا هێڵەی سوود و نرخی پشکەکان وەکو خۆیانن. کرێ لەچەند مانگی ڕابردوودا هیچ هێماوسانکی بەخێوە نەبینووە، هەرچەندە خاوبوونەوە لە بەرزبوونەوەی نرخەکاندا بەدی دەکرێت و هێنگە یەمەش ڕووبدات".

"کاریگەرییەکانی پەتاکە لەسەر ژیانی کرێکارانی بنەڕەتی و سەرەکی و مەسەلەی تونديی لەبازاڕی کار، بۆتە هەکار بۆ ئەوەی زۆر کەسی وەکو کارەکتەری بوێر دەربکەوێت و داوای باشترکردنی بارودۆخی کار و یارمەتییەکان و دەنگدان لەشوێنی کار و مافی سەندیکاکان بکەن.

ئەو دەتوانێت گەشانکاریيەکی درێژخایەن بێت، بەتایبەتی بە (جۆن زی)". سەرۆکای ئەوی ئەمە گەشبینە بە داهاتووی بازاڕی کاری ئەمریکا، بەڵام (ئالیس گڕید)ی ئابووریناس لە دامەزراوەی قازانج نەویست، کە بنکەکەی لە واشنتۆنە بەناوی پەیمانگای سیاسەتی ئابووری (EPI) بە نیوزویکی گوتووە "ئەو نیگەرانە لە کرێکارانی کەرتی گشت".

بەیە پرسەی "وازهێنان بەبەدەنگی" لەنێو بازاڕی کار لە ئەمریکا لەنێوان کەرتی تایبەتی و گشتیدا هەندێک جیاوازە، ئەوەی کەمپانیا گەورەکانی بازرگانی و تەکنەلۆژی دیکەن، جیاوازە لە کەرتی گشتی کە دوای پەتای کۆرۆنا زۆر گەشانکاری بەسەردا نەهاتووە، هەرچەندە بە نموونە کەرتی تەندروستی و پەروەردە تووشی فشار و دۆخێکی دژوونی و ئازاری زۆربوون. بەپێی ڕاپرسیيەکەی نیوزویک "ساڵی ٢٠٢٣ پەویستە وازهێنانی بەدەنگ لەبیر بکرێت، چونکە زۆربەی هەر زۆری خەڵک لەشوێنی کارەکانیان دڵخۆشن و نایانەوێت کارەکانیان بگۆڕن. ئەم پاشەکشەیش پەیوەندیی بەوەوە هەیە، کرێکارەکان هیچ بژاردەیەکی دیکەیان نییە، بۆیە کارەکانیان ناگۆڕن".

دە هەقیقەتی ڕاستەقینە لەبارەی کرێکارانی ئەمریکا

یەکەم: بەپێی سەرچاوەکان لە ٣٥ ساڵی ڕابردوودا پشکی کرێکارانی ئەمریکا کە لەڕیزی سەندیکاکانی کرێکاران تەمارکراون و ئەندام بوون نزیکەی نیوەی هێژەکەی دابەزیوە. ژمارەی ئەندامەکانی سەندیکای کرێکاران لەساڵی ١٩٤٥ گەیشتە لوتکە و ٣٥٪ ی هەموو کرێکارانی ئەمریکا بوون، کەچی ساڵی ٢٠١٨ هێژەی بوونە ئەندامی سەندیکا تەنیا ١٠.٥٪ بوون. لەهەمان گاڤدا ژمارەی ئەو کرێکارانەی لەلایەن سەندیکاوە نوێنەرایەتی دەکرێن ١١.٧٪ بووە، چونکە ١.٦ ملیۆن کرێکاریش ئەندامی سەندیکا نەبوون، بەڵام گرێبەستەکانی سەندیکا پشتگیری مافەکانی ئەوانی کردووە. ساڵی ٢٠٢٢ ژمارەی ڕاستەقینەی ئەندامەکانی سەندیکا ١٤.٧ ملیۆن کەس بووە، بەپێی ئاماری نووسینگەی کار (BLS) لەم ساڵەدا ژمارەی ئەندامەکانی سەندیکا نزمترین ئاستیان تەمارکردووە.

ئەو بوارە پیشەسازیانەی زۆرترین هێژەی دابەزینی ئەندامی سەندیکایان لەنێوان ساڵەکانی ٢٠٠٠- ٢٠١٨ هەبووە، بریتین لەکەرتی گواستنەوە و گواستنەوەی مادەکان، کە لە ٢١.٧٪ دابەزیوە بە هێژەی ١٤.٥٪. ئەم بواری پیشەسازییە ژمارەیەکی پیشەی جیاواز لەخۆ دەگرێت، لەوانە کۆنترۆلی هاتوچۆی فڕۆکەوانی، تاکو شوفێری پاسەکان و خزمەتکارانی فڕۆکەوانی دەگرێتەوە. لەهەمان کاتدا ژمارەی

ئەندامەکانی سەندیکا لە ساڵی ١٩٩٩- ٢٠٠٠ زیادی کردووە لە ٥.١٪ بەرزبۆتەوە بۆ ٥.٩٪.

دووەم: ئەمریکییەکان بەشێوەیەکی گشتی حەزیان لەکاری سەندیکایی هەیە و ٥٥٪ ئارەزووی ئەم بوارەیان هەیە و ٣٣٪ش ئارەزووی کاری سەندیکایی ناکەن.

بەپێی ڕاپرسییەکی ساڵی ٢٠١٥ بەم جۆرەیەی ئامارێی پێکراوە لەگەڵ یەکگرتووەیی کرێکاران بووون: ٨٢٪ کرێکارانی بەرهەمهێنان و کارگەکان. ٧٤٪ گواستنەوەی گشت و ٧٢٪ پۆلیس و ئاگرکوژێنەوە، ٧١٪ی مامۆستایانی قوتابخانە حکوومییەکان، لە ٦٢٪ی کرێکارانی خواردنی خێراش پێیان وایە دەبێت کرێکاران یەکگرتوو بن، لەکاتێکدا ٣٥٪ دژی ئەم بیرکردنەوە و ئاراستەیە بووون. ساڵی ٢٠١٨ زانیارییەکان ئاوەیان دەرخستووە ئەندامەکانی سەندیکا هەفتانە ١٠٥١ دۆلاریان دەستکەوتە، کەچی ئەوانەی ئەندامی سەندیکا نەبووون تەنیا ٨٦٠ دۆلاریان دەست کەوتووە. ئەم جیاوازیی و بەشاییە پێوەندیی بەجیاوازیی پێشسازی و پیشە و قەبارەی کۆمپانیا و ناوچەکان و دۆڤرەکانەوە هەیە.

سێیەم: بەشی زۆری کرێکارانی ئەمریکا لەبوای خزمەتگوزاری کار دەکەن. بەپێی دواین ڕاپۆرتی (BLS) هاتووە: ١٠٧.٨ ملیۆن کەس، کە دەکاتە ٧١٪ لە پێشسازییە تایبەتییەکانی بواری خزمەتگوازی کار دەکەن. بازرگانی و گواستنەوە و خزمەتگوزارییەکان ٢٧.٨ ملیۆن کرێکار و خزمەتگوازری پەروەردە و تەندروستی هەبووە و ٢٤.٣ ملیۆن و ٢١.٥ ملیۆن خزمەتگوازریی پێشەیی و بازرگانی و ١٦.٧ ملیۆنیش لەبواری کات بەسەربردن و میوانداری کاریان کردووە. لەدەرەوەی ئەوانەشدا ٢٢.٥ ئەمریکی لەمانگی تەموزیی ٢٠٢٢ لەنێو دامەزراوەکانی حکوومەتدا کاریان کردووە و نزیکەی دوو لەسەر سێیان لەئاستی ناوخۆیی و نزیکەی ١٢.٩ ملیۆنیش لەبواری بەرهەمهێناندا کاریان کردووە.

چوارەم: بەپێی ڕاپۆرتی تەموزی ٢٠٢٢ی (BLS) نزیکەی ١٦ ملیۆن ئەمریکی خەبەش کاریان کردووە.

پێنجەم: هەزی کاری ئەستای ئەمریکا لەنێوان تەمەنی ٢٣-٣٨ ساڵییە، ئەمەش بەرەژەی ٣٥٪ یان ٥٦ ملیۆن کرێکار دەگرێتەوە.

شەشەم: کرێ و هەقدەستی ئافرەتان لە پیاواناکەمترە و ئافرەتان ٨٥ سەنت وەردەگرن، بەڵام لەنێو گەنجەکاندا ئەم بەشاییە لەبەراورد

لەنیوان هەڤدەستی ئافرتان و پیاوان کەمتر بوتوە. ساڵی ٢٠١٨ کرێکارانی تەمەن ٢٥-٣٤ ساڵ، هەڤدەستی ئافرەتان ٨٩٪ بووە بەراورد بەهەڤدەستی پیاوان، واتە هەڤدەستی ئافرەتان کەمترە لە بەراورد بە پیاوان. واتە ئافرەتان لەدوای پیاو و هاوسەرکانیان دێن لە هەڤدەست و کرە و داهات، چەندین هۆکار بۆ ئەم جیاوازییە لە مووچە لەبواری جیاوازی ڕەگەزی نێر و مێ هەیە. ئەمەش پێوەندی بە چاودێری خێزان و جیاوازیی لە بواری بەرهەمهێنانی پیشەسازیی و پیشەکان لەنێوان ژنان و پیاوان هەیە. سەرباری جیاکاریی لەڕەگەز و ئەزموونی کار لەنێو کایە و شوێنی کاردا.

حەوتەم: کەشێکی دیکە جیاوازی موچە و هەڤدەستی نێوان کرێکارە گەنجە خاوەن بەوانامەکانی کۆلێژ و هاوتەمەنەکانی خۆیانە، کە ئاستی خوێندەواریان کەمترە. سەرباری تێچووی خوێندن و زانکە. بەپێی زانیارییە بەواپێکراوەکانی سەنتەری توێژینەوە هەڤدەست و موچەی مامناوەندی دەرچووی زانکۆیەک لەنێوان تەمەنی ٢٥-٣٧، ساڵانە ٢٤،٧٠٠ دۆلار پترە لەو گەنجانەی بەوانامەی زانکۆیان نییە. ئەوانی خاوەنی بەوانامەن چانسی بەدەستهێنانی کاریان پترە، بەپێی زانیاریەکانی (BLS) تەنیا ٢.٢٪ ی ئەو بەتەمەنانەی بەوانامەی بەکالۆریسیان هەیە بێکاربوون. لەکاتێکدا ئەو بێکارە بەتەمەنانە بێکار بوون لە ٣.٦٪یان خاوەنی بەوانامەی ئامادەیی بووە و ٥.١٪ خاوەنی کەمتر لە بەوانامەی ئامادەین.

هەشتەم: گەنجە هەرزەکارەکانی ئەمریکا بەراورد بە دایکانی ئابردوو کەمتر کار دەکەن. بەپێی شێوەی (سەنتەری توێژینەوە پیو) و بەپشتبەستن بە داتاکانی (BLS) هەرزەکاران هەنووکە تەنای ٢٦ خولەک بۆ کارکردن تەرخان دەکەن، کەچی دەسا لەمەوبەر ٤٩ خولەک کاریان دەکرد و لەناوەڕاستی نەوەدەکانیشدا ٥٧ خولەک کاریان کردووە. تەنیا ئەو ژمارەیەی ئاماژە بە کارکردنی هەرزەکاران لە پشووی هاوینە دەکات ساڵی ٢٠١٠- ٢٠١١ بەشێوەی ٢٩.٦٪ یان کار دەکەن هەرچەندە کار دەکرێت ئەم شێوەیە بەرز بکرێتەوە و لەهاوینی ٢٠١٧دا گەیشتۆتە ٣٤.٦٪، کەچی ئەگەر قسە لەبارەی کاری هاوینەی هەرزەکارانی ئەمریکا بگشتی لەساڵی ١٩٤٠ بکەین، دەبینرێت ئەو کات بەشێوەی ٤٦ ٪ و ٥٨٪ بووە. شێوەی گەنجی تەمەن ١٦-٢٩ ساڵانە لە ئەمریکا لەساڵی ٢٠١٨دا ١٤.٨٪ی تێکڕای دانیشتوانی ئەمریکا بووە، واتە ٩ ملیۆن گەنج هەبووە، لەساڵی ٢٠١٣دا نزیکەی ١١ ملیۆن گەنج لەئەمریکا ژیاوە، واتە ١٨.٥٪ دانیشتوانی ئەمریکا پێک دەهێنێت. توێژینەوەی سەنتەری (پیو) دەریخستووە شێوەی پتری گەنجەکان ئافرەتن

و مە ٥٧٪ و نزر ٤٣٪ پێک دەهێنن. لە بیری نەکەین ٢/٣ی دانیشتوانی ئەمریکا بەوانەی خوێندنی ئامادەیی، یان کەمتریان هەیە.

نایەم: ئەمریکییە بەتەمەنەکان ئێستا پتر لەپێشان کار دەکەن، ژمارەکانی تەمووزی ٢٠٢٢ ئاماژە بەوە دەکەن ١٩.٨٪ بەتەمەنەکانی ئەمریکا لەسەرووی ٦٥ ساڵی نزیکەی ١٠.٥ ملیۆن کەسن، ئەمانە گووتویانە بەتەواوی، یان بەنیوە کات و نیوە ئیش کار دەکەن. ئەم ژمارەیش بەردەوام ل زیادبوونە، بەڵای کەمەوە دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین لەساڵی ٢٠٠٠دا تەنیا ٦.٦٪ی کرێکارەکان لە کەسانی بەتەمەنی سەرووی ٦٥ ساڵی بوون. تەنیا ساڵی ٢٠٠٧ ئەو کەسانەی لەتەمەنی ٥٥ ساڵی دان، ژمارەکانیان وەکو کرێکار زیادی کردووە و بەپێی داتاکانی سەنتەری توێژینەوەی پیو هەزی کاری ساڵی ٢٠١٨ دەریخستووە کە کرێکارانی تەمەن ٦٥-٧٢ ساڵی گەیشتەتە ٢٩٪ ئەمانە یان کرێکاری دەکەن، یان بەدوای کاردا دەگەڕێن.

دەیەم: بەرزکردنەوەی کەمترین مووچەی فیدرالی بەتە جێگەی بایەخ، هەرچەندە ناکۆکییەکی حزبی توند لەنێوان دیموکراتەکان و کۆماریيەکان هەیە. ئەمەش پێویستە بە بەرزکردنەوەی کەمترین مووچە لەسەعاتێکدا کە ٧.٢٥ سەنتە بە ١٥ دۆلار، ئەمە بەجدی بەتە جێگەی مشتومە، لەهەمان کاتدا ناکۆکییەکانیش توندن. ٨٦٪ دیموکراتەکان پاڵپشتی ئەم بیرکۆیە دەکەن و ٥٧٪ی کۆماریيەکانیش دژی بیرکۆکەن. بەپێی زانیاریيەکانی (BLS) لەساڵی ٢٠١٨دا ١.٧ ملیۆن کرێکار واتە ٢.١٪ی سەرجەم کرێکارانی ئەمریکا مووچەکانیان لە کاتژمێرێکدا بەکەمترین مووچەی فیدرالی حیساب کراوە. هەرچەندە ٢٩ ویلایەت و ژمارەیەک شار و پارێزگا کەمترین ئاستی مووچەکانی خۆیان دیاریکردووە، بەڵام بەهەی جیاوازیی گەورەی پێویستیی و تێچوونی ئاسایی ژیانی نەژانە لای تاک لەسەرتاسەری ئەمریکادا کێشەکانی ئاڵۆزتر کردووە و نەنگدانەوەی پتری لەسەر ململانێ سیاسیەکاندا هەیە.
https://www.pewresearch.org/fact-tank/2019/08/29/facts-about-a
/merican-workers

ناڕەزایی کرێکاران رێگە پێدراو نییە

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کرێکارانی ئەمریکا: تەسلا رێگە بە کارمەندانی نادات ناڕەزایی دەربڕن

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کرێکارانی ئەمریکا، کۆمپانیای تەسلا بە

هەڵوەشەکردن لە کرێکارەکانی بە باسکردنی ناڕازایەتیی دەخی کارکردن و کەمیی موچەکانیان، تەماتبار دەکات.

ڕۆژی سێشەممە ٢٥-٤-٢٠٢٣ (مایکە ڕاسەس) دادوەر لەئەنجوومەنی نیشتمانیی کرێکارانی ئەمریکا ڕایگەیاند، بڕیاری ناوەندەکی چاککردنەوەی تێسلا لە ئێرلاندەی فلۆریدا لە ٢٠٢١دا ژمارەیەک کارمەندیان "بەدەنگ" کردووە، کە لەدژی ئەوەی موچەی کارمەندە تازە دامەزراوەکان لە هی ئەوان زۆرتر، ناڕازایەتییان دەربڕیوە. ئەنجوومەنەکە داواکارییەکی پێشکەشی (تێسلا) کردووە، چیدی مافی کارمەندەکانی پێشێل نەکات و ئەو پێشێلکارییانەش لەو ناوەندە ڕووبداوە بکاتە ڕاپۆرتێک و بە ئیمەیڵ بە تەواوی کارمەندەکانی (تێسلا)ی بنێرێت.

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کرێکارانی ئەمریکا ئاژانسێکی سەر بە حکومەتی ئەمریکایە، ئەرکی سەپاندنی یاساکانی پەیوەست بە مافی کرێکارانە بەسەر کەمپانیا و خاوەن کارەکاندا و سزادانی ئەو شوێن و کەمپانیایانەیە کە پێشێلی دەکەن.

بگرەی ڕاگەیەندراوی ئەنجوومەنەکە، لە کۆتایی 2021دا کارمەندەکانی تێسلا زانیویانە کارمەندە دامەزراوە نوێکان موچەی زیاتر لە کارمەندە کۆنەکان وەردەگرن؛ بەیەڵگەیان ناڕازایەتییان دەربڕیوە کە یەکێکیان تەکنیکارێک بووە و بە ئیمەیڵ ناڕازایەتییەکەی بە یەکێک لە جێگرانی سەرۆکی کەمپانیاکە ناردووە.

دواتر بڕیاربڕانی ئەو ناوەندەی چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل کەبوونەوەیان بە بژمارەیەک کارمەندی خۆیان کردووە و پێیان گوتوون: نابێت باسی موچە و دۆخی کارکردنیان بکەن یان پێداوی ناڕازایی بە بڕیاربڕان پڵە باڵاکان بەرز بکەنەوە.

ئاشکرابوونی ئەو بابەتە بە دوایین ئابووچوون بە تێسلا دادنرێت و پێش ئەمش پێداوی یاسایی لە دژ کرابووە، کە لانەو ناوەندەکانی بەستنی پارچەکانی ئۆتۆمبێلەکەدا جیاکارییەکی زۆری ڕچەڵەک و گچکەی سەکسی دەکرێت.
دادگایەکی ئەمریکا تەماتەکی دژ بە (ئیلۆن مۆسک) خاوەنی کەمپانیای تێسلا و تویتەر و سپەیس ئێکس پشتڕاست کردووە، بە کرێکارانیان ڕاگەیاندووە، ئاگەر ببنە ئەندام لە سەندیکای کرێکاران، چانسی زیادکردنی موچەکانیان لەدەست دەدەن.

کتێب/ گوتاری چەژی سەکسی لە رۆمانەکانی (کامال سەعدی)دا.. غازی حەسەن

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن..

GhaziHassan_gwtariDownload

حوسێن عەحال و یادی سەد ساڵەی یەکەمین ڕۆژنامەی مارکسیستیی لە عێراق.. نووسین و ئامادەکردنی: عەبدوڵا سەڵمان(مەشخەڵ)

دروستبوونی یەکەمین حزبی مارکسیستی لە عێراق لە ژوورەکی مزگەوتی حەیدەرخانە لە بەغداد بنەماوی ژووری (ئەلسەید یاسین ئەلسومەعی) لەلایەن (حوسێن عەحال و مەحموود ئەحمەد ئەلسەید و عەونی بەکر سدقی و مستەفا عەلی و محەمەد سەلیم فەتاح و عەبدوڵا جەدوع و فازل محەمەد ئەلبەیاتی(پاشان هەریەک لە (ئیبراهیم ئەلقەزاز و کامال ساڵح و محەمەد ئەحمەد ئەلمودەریس و زەکی خەیری و عەشید مەتەگ و یوسف زینەل) پییانووە پێیوستبوون، هەر بەتەنها هەوداوەکی چەتین و کەبوونەوەیەکی ئاسایی نەبوو، بەکوو سەرەتای سەرهەڵدانی بزاوتێکی سیاسی سۆشیالیستی و مارکسیستی بوو لە عێراق، کە تا ئەوکات مێژووی عێراق شتی لەمجۆری بەخۆوە نەبینیبوو. هەر ئەم حزبە مارکسیستییە بوو لەهەوڵی ئەوەدابوو

ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی لە عێراق دابمەزرێنێت. ئەم حزبە کە بەناوکی بزاوتی مارکسیستی لە عێراق دەتە ئەژمار، لەدوای چەندین یەکتر بینین و گفتوگۆی چڕ و لێکنزیبوونەوەی ئەندامەکانی، توانی کۆمەڵێک هەنگاوی ئەملی گرنگ لەمڕووی بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی لە عێراقدا بنێت کە تا ئێستاش جێگەی وانە لێوەفربوون و ئامانە. یەکێک لەو مەیدانانە بواری ڕۆژنامەگەری بوو کە ئەندامانی ئەو حزبە مارکسیستییە تا ئاستێکی باش توانیان ئەسپی خەیانی تیا تاو بدەن. ئەندامانی ئەو حزبە دواتر قاوەخانەی (ئەلنەقیب) لە قەنبەرعەلی دەکەنە شوێنی یەکتر بینین و ئینجا بیر لە دەرکردنی ڕۆژنامەیەک دەکەنەوە بە ئەوەی بتوانن بیروباوەڕ و ئەو تێڕوانینەی کە بە ژیان و کۆمەڵگە هەیانە لێکگەی ئەو بەاوکراوەیەوە گوزارشتی لێوە بکەن و لێوەوە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگەی دواکەوتووی ئەوکاتی عێراق دابنێن. بە ئەم مەبەستەش ڕۆژنامەیەکی نیوە مانگیی(پانزە ڕۆژ جارێک) لە ٢٨ ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٢٤ بەناوی (ئەلسەحیفە)وە دەردەکەن و حوسێن ڕەحاڵ (١٩٠٣ – ١٩٧١) کە ئەوکات قوتابی خوێندنی حقوق بوو لە بەغداد یەکەمین کەسیش بوو کە هەڵگری بیروباوەڕی مارکسیی بوو لە عێراق؛ وەک سەرنووسەر و خاوەن ئیمتیاز بەڵام وەی دەبات کە بابەتکانی دەربارەی کێشە کۆمەڵایەتی و ئابووری و فیکرییەکانی ئەوکاتی عێراق و هەروەها دژایەتی دەربەگایەتیش بوو. بەمجۆرە حوسێن ڕەحاڵ بوو بە یەکەمین سەرنووسەری یەکەمین بەاوکراوەی مارکسیستی لە مڕووی ڕۆژنامەگەری مارکسیستی لە عێراق.


الصحيفة

أخلاقنا الاجتماعية

حوسن ئەحال خاون ئەزموون و شارەزاییەکی باش بوو لە بواری فیکری مارکسیستی و سۆشیالیستیدا. ئەو یەکێک بوو لە کەسانەی کە زمانزان بوو و جگە لە زمانی عەرەبی، زمانەکانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و فەرەنسی و تورکی و فارسیشی دەزانی. حوسن سەردانی هیندستان و ئەڵمانیا کردبوو و ڕۆژنامەکانی ئەو وڵاتانەی دەخوێندەوە و دەیگەیاندە دەستی هاوڕێکانیشی یان وەک خۆی دەیوت (جەماعەتەکەی). ئەحال هەستەوەک بوو دەیویست بیرۆباوەڕی مارکسیزم لەسەر واقیعی عێراق پیادە بکات. ئەو دنیا بوو لە ڕاست و دروستی ئەو بیرۆباوەڕە شەڕشگێرانەیە و بۆیە هەموو ژیانی خستە خزمەت ئەو ڕێبازەوە.

ئەحال و جەماعەتەکەی ڕۆژنامەی ئەلسەحیفەیان دەرکرد کە شەش ژمارەی لێدەرچوو لە نێوان ساڵانی (١٩٢٤ – ١٩٢٧) بۆ ئاشکرا و بڵاوەی بیرۆباوەڕەی خۆیان بشارنەوە لە مەیدانی ڕۆژنامەگەری ئەو سەردەمدا بەچوونکانیان لەسەر کێشە و بابەتە گرنگ و هەستیارەکانی ئەو قۆناغەی ژیانی عێراق دەردەبڕی و قورسایی تەبلیغاتیشیان لەسەر ڕەخنەگرتن بوو لە دەوڵەمەندان و لایەنگری هەژاران بوو و دەیویست لەڕوو هەژارانی عێراق بڕوانێ و لای خۆیان ڕابکێشن. هەورەها گرنگی بابەتی فیکری شیوعیستیان لەو ڕۆژنامەیەدا دەهێنایە بەر باس کە ئەمەش دژکرداری ئیسلامییەکانی لەکاتەوە و لە مینبەری مزگەوتەکانی بەغدادەوە کاتێ تەشهیر بە ئەحال و جەماعەتەکەی و بە بێباوەڕی و کفر و ئیلحاد تاوانباریان کردن. ئەوبوو

ڕۆژنامەی ئاڵای حیزب دوای شەش ژمارە وەستێنرا و پاشان دوای دوو ساڵ جارێکی تر ڕۆژنامەکە دەست بەکار بوو و ئەمجارەش دوای تەنها دوو ژمارە جارێکی تر لە ١٧ ی ئایاری ساڵی ١٩٢٧ وەستێنرایەوە.
واتە ڕۆژنامەی ئاڵای حیزب لەهەموو تەمەنیدا هەشت ژمارەی لە بڵاوکرایەوە. بەچاوگێڕانێک بە نووسراوە مێژوویییەکان حوسێن ڕەحاڵ و ڕۆژنامەی ئاڵای حیزب لەڕوانگەی ئاوەڵی تا ئێستا مێژوو پەمان دەڵێت دەتوانین بەمجۆرە بیبینین :
یەک : ئاڵای حیزب یەکەمین ڕۆژنامەی مارکسیستییە لە مێژووی بزاوتی ڕۆژنامەگەری سۆشیالیستی لە عێراق.
دوو : حوسێن ڕەحاڵ وەک هەڵسوڕاوێکی مارکسیستی یەکەمین سەرنووسەری ئاو ڕۆژنامە مارکسیستییە.
سێ : بابەتەکانی ئاڵای حیزب ڕەخنەن لە ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی و بڕوادانن بە فیکری مارکسیستی و ڕەخنەن لە دەربەگایەتی و دووا کۆتوویی کۆمەڵگە لەسەرجەم بوارەکان.
چوار : یەکەمین ڕۆژنامە بوو لایەن هێز و لایەنە ئیسلامییەکانی ئاوکاتی عێراق کە بە بیانووی کوفر و ئیلحاد لە دژچوون بوەستێنرێت.
پێنج : یەکەمین ڕۆژنامەیە کە مەسەلەی یەکسانی ژنان و پیاوان وەک مەسەلەیەکی ئینسانی بداتە بەر باس و گفتوگۆ.
شەش : بەپێچەوانەی سەرجەم ڕۆژنامە و بلاوکراوەکانی ئاو سەردەمی عێراق، ئاڵای حیزب بەدوای بەدەستهێنانی پارەوە نەبوو بەڵکو بەدوای گەیەنی خەڵکەوە بوو.
حەوت : شیوازی نووسینی ڕەحاڵ و جەماعەتکەی، زەق نەبووە و بەڵکو زانستییانە و ناڕاستەوخۆ بووە. بە نموونە لەبری ئاوەی بڵێ من مارکسیم، وتوویەتی بەوام بە ماتریالیزمی مێژوویی هەیە بە شیکردنەوەی گەلانی کۆمەڵگە.
ئەمە لە کاتێکدا کە یادی سەد ساڵەی ئاو ڕۆژنامەیە و ڕۆژنامەنووسە مارکسیستە دەکەینەوە و لەدووتوێی لاپەڕەکانی دیرەکەوە چەکە گوڕی ڕەز و وەفای پشکەش دەکەین، هەر ئەم عێراقە بەتە مەیدانی جموجۆڵی کۆنەپەرستترین بزووتنەوەی ئایینی، ئاو بزووتنەوە کۆنەپەرستەی کە ڕۆژنامەی ئاڵای حیزبەی داخست و ئێستاش بەیان بلوە هەموو ئاو ڕۆژنامانە دادەخن کە بەنی پشکەوتووخوازی و مارکسیەتی لەوە بەت. ئاو ئەرکەی کە لەسەر شانی حوسێن ڕەحاڵ و جەماعەتەی و سەرجەم مارکسیستەکانی نێو دیرەکی عێراق بوو، ئێستاش هەمان ئەرک لەسەر شانی ئەمەی مارکسیستە بە ئاوەی بتوانین پاشکشە بەو بزووتنەوە کۆنەخوازە ئاینییە بهێنین کە وەک شەرپەنجە دەمی ژنیوەتە جێستەی بریندار و وەک پایەیەکی بنچینەیی ئەم کۆمەڵگە

چینایەتییە ماندووە و خەریکە بەست لە ژیانمان دەبڕێت.
لەم یادی سەد ساڵەیی ڕۆژنامەی ئاڵاسەحیفە؛ سڵاو لە حوسێن ڕەحاڵی ڕۆژنامەنووسی مارکسیست، سڵاو لە ڕۆژنامەی ئاڵاسەحیفە، سڵاو لە هەموو ئەو بزاوتە ڕۆژنامەگەرییە مارکسیستەی کە ئەمڕۆ لە سەرتاپای عێراق و کوردستان و جیهان خەریکی شەڕکی بەردەوامن دژ بە نیزامی سەرمایەداری و بەرژوازی لەپێناو بەرگریکردن لە ئینسانییەت و بەهای ئینسان.

٨ ی تەممووزی ٢٠٢٣

تێبینی : بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە.
١-ملاحق المدى حسين الرحال و بدايات الفكر الآشتراكي في العراق د. عامر حسن الفياض
https://almadasupplements.com/view.php?cat=18968
٢-حسين الرحال و الحركة الاشتراكية في العشرينات د. سيف عدنان القيسي
https://almadasupplements.com/view.php?cat=18967
٣-حسين الرحال رائد الفكر الماركسي في العراق نبيل عبدلامير الربيعي
https://www.riadinoureddine.com/2022/01/blog-post_785.html
٤-الرحال و الدفاع عن قضايا المرآة حنا بطاطو
https://almadasupplements.com/view.php?cat=18973

چەمکەکانی (گومان و پرسیار و پارادۆکس) لە شیعرەکانی (ئیمان یادەوەر) دا.. بەشی سێیەم و کۆتایی.. ناڵە حەسەن

_ شیعری (خەم لەتە دادەکەنم)
ئەم شیعرە (خەم لە تە دادەکەنم) یەکێکە لە شیعرە نایابەکانی ئیمان یادەوەر ، ناونیشانێکی شیعری بارگاوی بە ئیستاتیکایەکی پە

چۆژ ، لە پشتی ئەم دەربڕینەوە هەست بە بێزاری و یاخیبوونێکی گەورە دەکەین ، بە بیارێکی یەکلاکەرەوە و لە هەمانکاتیش بە نائومێدییەکی گەورە ، ئەو (تە) یە کەسێکە چیتر جێگای ئومێد و سوارچاکی خەونەکانی شاعیر نییە ، کەسێکە بە ئەو هیچ جووڵەیەکی تیا نەماوە ، ئەوتا هەر لە سەرەتای شیعرەکە بەم نائومێدییە دەست پێدەکات :

هەرەمەکیت هەناوت پڕە لە هەناسەی وشک
تێنووتێ و ناتوانیت کانیەک بدۆزیتەوە
بەدیار تەنیاییتەوە خەیاڵەکانت ڕەنگ دەکەیت
نازانیت لە کوێ دەژیت !
من دەمەوێت ڕاژەک بەم ئاڵۆزیت شانە بکەم
تەش بێ قووڵی بیربکەیتەوە
دەست بخەمە بینا قاقای هەموو خەیاڵەکانت و
وشکانم وەک سووژن لە مەخی مەشکتدا بچڕێنم !

نائومێدییەکەی شاعیر لەڕەوایە ، باس لە کەسێک دەکات ، کە هەناسەکانی وشک و کەسێکی تێنوو هێزی ئەوەی تیا نییە قومێ ئاو بدۆزێتەوە و تێنوێتی خەی پێ بشکێنێت ، کەسێکی گۆشەگیر و ون ، ونە لەنێو تەنیایی و خەیاڵەکانی ، کەسێکی خەیاڵ پڕت و بڵاوە نازانێ لەکوێیە و بەرە و کە دەڕوات ، شاعیر دەیەوێت بچێتە ئاڵۆزییەکانی شانە بکات ، قسەی بێ بکات لەم خەیاڵ پڕاوییە بەهۆش خەی بێنێتەوە ، لە ساتگای بیرکردنەوە بێئاگا بێتەوە و هەناسەی بێتەوە بەر ، هەرچەندە ئاگەڕ قسەکانیش وەک سووژن بەگیانیا بچن بەناو هەر دەیەوێت ئەوە بکات ، چونکە بەهۆی ئاڵۆزی خەیاڵەکانی و ئەو بەدەربەستی و بەدبەختییەی ئاوێش خەی وەک مردوویەک دەبینێ و یان بەدبەختی ئەو بەدوای خەیدا بەسەر ساتگاکان هاداکێشێت ! ئەوتا دەڵێت ،

منیش وەک تەرمی سەرشانی مردوو هاڵگرەکان خەمم دێتێ بەرچاو
بەدبەختیت بێ دوای خەمدا
بەسەر ساتگاکەدا دەخشێنم
بێ هەموو ئەو هەورانەی بێ ژەریاندا تێدەپەڕم دەڕژێم
خەی نەهات ، بەناو دڵی هات بێ جەمبەرەکان

شاعیر وەک عاشقێکی نائومێد و دڵشکاو بەنێو قووڵایی ئازارەکانی دەچێتە خوارەوە و دەڕژێت ، دەگریم و (با) کان لەنێو فرمێسکەکانم سەما دەکەن ، هێندە نائومێدە لەو کەسە تا ئەو ئاستەی دەیەوێت پێی بڵێت :

بێ پەرەسێلکەکانیش دەڕژێم
هەرگیز لەژێر سەقفی خانووەکەتان هەڵانە چۆڵ نەکەن

بۆ هەموو بریندۆ هەنگاو دەنێم
ژێکانیش جگە لە هەسانک هیچی تر نەبوون
بۆ تیژکردنی ئازارکانم
شەممە ئازار ، دووشەممە ئازار ، سێشەممە ئازار
چوارشەممە هەروەتر
ئیتر هیچ بوارک و ئومێدک نامینێتەوە ، تروسکاییەک گەر لەدوورەوەش بێت بۆدی ناکات ، بۆیە ناخوازێت نەک کەسکی تر بکوژێندەیکیش لەم یان لە خانووەکەی ئەو نزیک بێتەوە و هەلانە لەژێر بنمیچی ماڵەکیان چۆ بکەن ، با ئەوانیش تووشی ئەم دڵشکان و نائومێدییە گەورەیە نەبن ، ئیدی کە هیچ ئومێدک و تروسکاییەک نامێنێ ئینجا ئەویش بۆیاری خۆی دەدات و لێی یاخی دەبێت دەڵێت :
نامەوێ بمێنمەوە
لە کاتی ڕاگرتنی پاسکیش بیرت لێنەکەمەوە
تەنانەت هێندەی تەواوبوونی جگەرەیەکیش
دەمەوێت وەکو ئەو نەخشانەی شەرپەنجەیان تێپەڕاند
ئاهەنگی دەرچوون لە تۆ بگەڕێم
ئیتر دەست بە جەهەشتنی خەم دەکەم لە تۆدا
ئەو دەبینین ، تازە تەواو بە دوابۆیاری خۆی گەیشت ، بۆیاریدا چیتر بۆ دوای جەستەیەکی مردوو دانیشێت ، بۆیاری دا جێبهێڵێت و بڕوات و چیتر بیری لێنەکاتەوە ، تەنانەت بۆ چەند خولەک و چرکەیەکیش ، دڵخۆش و شادومانە بۆ بۆیارێی ، وەک ئەو کەسانە دڵخۆشە کە شەرپەنجەیان تێپەڕاندووە ، دەیەوێت ئاهەنگ بگێڕێت ، ئاهەنگی ڕزگاربوون لە خەمکان و لە بەدەنگی ئەو ، بۆ دڵرەکی شیعری نایاب و پڕ لە جوانی دەڵێت ، ئیتر دەست بە جەهەشتنی خەم دەکەم لە تۆدا ! ئیتر ئەو کەسکی تری ئەستا ، ئەو کەسی گیردە ببوو بەدەستی ئەو ئیتر جێی دەهێڵی لەناو ئەودا ، لێنەو خەیشی کەسکیتر لە دایک بووە خاوەن بۆیار و توانا ، ئیتر تەواو کەسە دڵشکاوەکە مرد و جێی دەهێڵێت ، یان زۆر بە بڕوا بە خۆبوونەوە دەڵێت :
وەک تووڕەیی تاقگەیەک
بەسەر شانی تەنیایدا دیمە خوارەوە و هەرگیز
نا
گە
ڕە
مە
وە
بۆ شانەکانم دەڕم

بە دیوارەکاندا خۆت هەڵبواسە
ڕەقی دە ، نەرمی بەرد
فڕ دەبم
کراسی ڕەشی سەبارەکشم دەسووتێنم
ڕەنگە بچمەوە سەر ڕەگەزی ئاو
ئیتر وەک تووڕەیی تاقگە بە هەست و بیرکردنەوەیەکی یاخی بەیاری خۆی دەدات و بەسەر شانی تەنیا ییدا دێتەوە خوارەوە و جارێکیتر ناگەڕێتەوە بە لای ئەو کەسە و ئەو عەشقەی کە جگە لە برین و ئازار هیچی تری پێنەبەخشی ، بەیار دەدا لەمەودوا دە نەرم نەبێت و ڕەق بێت وەکو بەرد ، بەڵام شاعیر وەک گەمەیەکی زمانەوانی و وەک پارادەکسێک بە جوانکاری دەڵێت : ڕەقی دە و نەرمی بەرد فڕ دەبم ، بە دیۆک مەبەستیەتی بڵێت ، لەمەودوا دەنەرم نابم و وەک بەرد ڕەق و خڕاگر دەبم ، بە دیۆکیش دەیەوێت بڵێت هەموو شتێک دەکەم و دەست بە مەحاڵیش دەبەم کە نەگەیشتەوە بەڵای تە مەحاڵ وەک نەرمی بەرد ! یان کراسی ڕەشی سەبارەکەشی دەسووتێنێت . هەر بەم وردە ئیرادەوە بەردەوام دەبە و دەڵێت :
دەستەکانم فڕدەکەم ئیتر بە چەپ تەوقە بکەن
ئەفسووس دەستمان بە هەر ڕاستیەک برد ، هەڵە دەرچوون
بەم هەستە یاخیەوە گومان لەهەموو شتێک دەکات ، چونکە هەموو ڕاستیەکانی تاقیکردەوە ، هەموو هەڵە دەرچوون ، بۆیە باوەڕی بە ڕاستی نەماوە ، دەخوازێ بە دەستی چەپی تەوقە بکات ڕاست بوونەکی گوماناویە ! دەربەینەکی قووڵ و پڕ لە ڕەهەندی جیاواز و پڕ لە کەشمەکەش ئیتر هەر بەم هەستە یاخی و نائومێدیەوە دەڵێت :
دەڵێم بە شووشەی تەزاوی
پەنجەرە شکاوەکانی خانووە ڕووخاوەکانی لادێکەشمان دەڵێم
واز لە چاوەڕوانی بێنن
ئەو خەڵە هەڵنایەت کە چاوەڕێی دەکەن !
ئیتر تەواو پەاوپڕ لە نائومێدی و گومان ، دەڵواو ئاوە لە هیچ نادا تەوە تەنانەت دەخوازێت پەنجەرەکانیش چیتر لە چاوەڕوانی خەڵ نەبن . بۆیە هەر دەڵوا و هەر دەڵوا …
بە قەڵەباغی بازاڕەکاندا
بەناو ڕەنگی هەرچی دەموچاوی جیاوازدا تێدەپەڕم و
بیر لە شۆڕەی تە ناکەمۆ
ئەمە ترسناکترین گەیشتنی من دەبێت
بە یەکەمجارە کە خەم بەجێدەهێڵم !
ناوەستم من حەوسەڵەم زەرە بە ڕەیشتن ..!
ئیدی بەیاری خۆی داوە پشت دەکاتە ئەو و جێی دەهێڵە ، بەنەو

شۆنێ قەرەبالغەکاندا دەوات و بەناو نەنگی هەموو دەموچاوەکاندا
نەتدەبێ بەڕام ، بیر لە نەنگ و لە شەوەی ئەو ناکاتەوە ، چیتر بیر
لە بوون و لە بەدنگی ئەو ناکاتەوە ، چیتر بیر لە خەون و خەیاڵە
پەرتبووەکانی ئەو ناکاتەوە ، ئەو ئێستا کەسێکی ترە وەنەی کەس
دەنەرمیەکەی خەی لەنێو ئەوا جەهشتووە ، ئەوە یەکەمجارە خەی
جەدەهێە ، دەڕواو وەک کەسێکی نائومێد و یاخی حەوسەڵەی نەیشتنی
زەرە !
بە ترافیکەکان دەڵێم
ئیتر نە تە و
نە هیچ وەستانێکی چاوەڕوانی بەزارم ناکەن
ئای لەوەدا چەند هەست بە تەنیایی دەکەم
شەقامێکی پان پە لە ئۆتۆمبێلی جەراوجەر
خەڵکانێک هەرگیز نەمناسیبوون
دەست لە پاسکە ادەگرم
سەرنشینەکان سەیرم دەکەن
حەزدەکەم بقیژێنم
سەیرم بکەن جگە لە جەستەیەکی خاڵی و نەحەکی شکاو
چیتر دەبینن ؟
دەڕواو بە ترافیکەکانیش دەڵێ نە ئەوە و نە هیچ وەستانێکی
چاوەڕوانی بەزارم ناکەن ، یان ناتوانن بم وەستێنن بە یەکجاری ،
هەرچەندە شاعیر بە ترافیکەکان (تە)ی بەکارهێناوە دەڵێ (نە تە
و نە هیچ وەستانێک !) بەڵام ، دەبە لە جیاتی تە (ئەوە) بێت
چونکە ترافیکەکان لە بەاری (کە) دان ، دەڕوا و هەست بە
تەنیاییەکی گەورەش دەکان ، ئەم دەشکان و گەیشتن بە خاڵی مردن و
خەجەهێشتنە سانا نییە ، (داکەناندنی ئەو لە خەی) دیوەکی تری
مردنە ، بە شەقامێکی پانوپۆڕ و قەرەبالغدا دەڕوات پە لە دەموچاوی
نوێ ، خەڵکی نەناسراو ، سواری پاس دەبێت و سەرنشینەکان سەیری
دەکەن ، ئەویش هەندێ نائومێد و دەشکاوە هەست دەکات بقیژێنێت ،
بەڵام ئەو هەردەڕوات ، کاتێکی کەمی ماوە لەخەی جیابێتەوە ، دونە
خەی لەنێو ئەودا جەهشت ، دەیەوێت لە ئێستای خەیشی جیابێتەوە !
بەیە دەڵێت :
لەڵای من سەعات سفری دەوێت بە
م
ر
د
ن
بەزەحمەت پاسی ژیان دابەزین هەیە

لە وەستگەی گەستانەکەی پشم
سەرنشینەکەی تەنیشتم دەتە گە
بمبوورە
ژمارەی تەمەنم سووتا
ئیتر زەنگی هیچ وشەیەک هەناگرم
دەەم و بە خودایش دەەم هیچ
لەمیان بگەە / بە قیامەت هەیدەگرم !
ئیتر لەڕوە لەناو ئاکامەکی نادیار کەتایی دەت ، (خەم لە تە دادەکەنم) شیعرەکە لەناوەەکدا چیەەکی عەشقەکی تراژیدیمان بە دەگەەتەوە ، دابەانەکی بە ناچاری ، دابەانەک تەنها خواستی یەکەکیانە ، یەکەکیان ، بەدەنگ و گەشگیر ، خەیاە پەرت و ئاەز ! ئەویتریش لە داخی ئەم لە کەتایی لە پاسی ژیان دادەبەزەت ، ئەوە هەمایە بە دوا وەستگەی ژیان ، لە بەردەم گەەستانەک دادەبەزەت ، هەمایە بە مردن ، خەیشی لە دەربەینەکی زەر جوانی شیعری دەەت : لای من سەعات سفری دەوەت بە مردن ! یانی مەودای ئەو و مردن سفرە .. یان گەیشتوون بەیەک !
بە شەوەیەکی گشتی ئیمان یادەوەر لەو شیعرە و لە شیعرەکانی تریشی جوانیەکی نایابی بەرجەستە کردووە ، زمانەکی شیعری و پەکهاتە و دەستەواژەی شیعری ، مانا و ناوەەکەکی قووە ، شیعرەکانی پەن لە گومان و نیگەرانی و پرسیار و پارادەکس و هەستی یاخیبوون و هەستی مرەیی و گەمەی زمانەوانی .. . ئەمانەش هەمووی بەستی جوانی و چەژ و ئارامی بە دەروون و ناخی خوەنەر دەبەخشن ، هاوکات ئەم پەکهاتانە پەکهاتەی شیعری نوەگەر و مەدەرنن !
لەڕدا بە پەویستی دەزانم باسی چەمکەکی تر بکەم ئەویش چەمکی داهەنانە ، داهەنان وەک چەمکەکی گەردوونی ، وەک چەن (فیساگەرس)ی فەیلەسوف و بیرمەند پەیوایە جیهان پەکهاتووە لە چەند تابلەیەک ، ناتوانین لە یەک تابلەدا تەواوی ەووبەری جیهان ببینین ..! ئەمەش بە چەمکە گەردوونیەکان ەاستە ، ئەمە لە وتاری (بەچی شیعر پەناسە ناکرەت) ئەوەمان گوتیە ،، گتومانە یەکەک لە هەکارەکان ئەوەیە کە شیعر بوونەکی گەردوونی هەیە ناتوانین لە یەک گەشەو خوەندنەوەی بە بکەین یان بیبینین ، بە گەیشتن و نزیکبوونەوە لە وەنە فراوانەکەی شیعر دەبە لە چەندین گەشەی جیاوازەو خوەندنەوەی بە بکەین ، ئەمە بە چەمکی داهەنانیش هەروایە ، واتە ناتوانین دواخاە و یان خاەی کەتایی ەووبەری داهەنان دیاری بکەین ، بەیە ناکرەت بە فلان و فیسار شاعیر بەەین گەیشتوونەتە (لوتکە) یان لە لوتکەی داهەنان دان ، داهەنان لوتکەی نیە ، گەیشتنە لوتکە لە داهەنان بوونی نیە چونکە مردن هەیە ، مردنیش وەستاندنی

پەژڕکانی بوون و داهێنانێ ! بەگەش بۆ ئەو قسەیەم گەر (نالی و گەران و شەرکێ بکەس) لە ژیان مابان دنیام داهێنانی گەورەتریان پشکش دکردین ، گەر (شێکسپیر و دستەفسکی و فروغ) لە ژیان بردەوام بان دنیام داهێنانی گەورەتریان دکرد ، بۆیە نە ئەمانە و نەهیچ نووسەر و شاعیرێک ناتوانن بگەنە لوتکە ، دتوانن داهێنانی گەورە بکەن ، لە بنەدایەکەوە بەرەو بنەدایەکیتر سەرکەون بەام ، ناگەن بە لوتکە ، چونکە لوتکە لە داهێنان بوونی نییە یان جگە لە وەهم شتێکی تر نییە ، دبێ ئەوشمان لەلا بێت هیچ شاعیرێک بە نووسینی چند دەقێکی جوان ، یان چند کتێبکی شیعری جوان ، یان بەسەرکردنەوەی لەلایەن لەکەسەر و بەخنەگرکان ، یان وەرگرتنی خەلات لە فلانە ڤیستیڤال و لە فلانە پشبکەوە ، ئەمانە کەس ناگەیەنێتە لوتکە ، چونکە دوای گەیشتن بە لوتکە نەرێی هاتنە خوارەوەیە ! بۆیە ئەو کەسانەی ئەم گەیشتنە لوتکەیە دخەنە پاڵ نووسەر و شاعیرکان من پەموایە ، ئەوە جگە لە هەژاری فیکری یان تێنەگەیشتن لە چەمکی داهێنان هیچ شتێکی تر نییە ! بە ئومێدم ئیمان یادەوەری شاعیر بەم بیرکردنەوە کراوەییە لە شیعر و داهێنانکانی بەوانێت ، هەوڵبدات ئاست و توانا مەعریفی و توانا شیعریەکانی خێی پەرە پێبدات و خوونی داهێنانی هەبێت ، کە من خەم ئومێدی گەورەم پێی هەیە کە ئایندەیەکی ڕووناک و گەشی لەبەردەمی دایە ، گەر بەم هەناسەیە لە هەوڵکانی بردەوام بێت ، دنیام بژێک دێت دبێت بە ناوێکی گەورە لەنەو ئەتلەسی شیعری نوێی کوردیدا ، ئیتر سەاو لە شیعر ، سەاو لە جوانی ، سەاو لە داهێنان !…

کەتایی
ئابی ٢٠٢٣ ٢٠ی

نامیلکە/ گەانێک بەنەو جیهانی (شیعرکانی بەختیار عەلی)

[بە خوەندنەوەی ئەم نامیلکەیە کلیکی ئەرە بکەن..](Mashkhal_BakhtiarAliDownload)

هەڤپەیڤین لەگەڵ بەڕێز حەمە ساڵح فەرهادی

حەمە ساڵح فەرهادی: هەندێک کەس وا دەزانن نووسین بە منداڵ کارێکی ئاسانە
هەڤپەیڤین- کامەران حاجی ئیلیاس

نووسەری دیاری کوردستان (حەمە ساڵح فەرهادی) ساڵانێکە لە بواری منداڵاندا دەنووسێت ، خاوەنی چەندین کتێبە لە چەند گۆڤاری منداڵان ،وەکو دەستەی نووسەران و سەرنووسەر کاری کردوە، لەم بوارەدا خزمەتێکی زۆری منداڵانی کوردستانی کردووە،هەر بۆ ئەم مەبەستە پەیمان باش بوو لە نزیکەوە بە چەند پرسیارێک بەسەری بکەینەوە.

- **هەرچەندە بەرزتان نووسەرێکی دیاری کوردستانن، بەڵام پەیمان باشە بەکورتی باس لە ژیانی ئەدەبی خۆتان بۆ خوێنەرەکانمان بکەیت.**
- ناوم (حەمە ساڵح مەلاسادق فەرهادی)یە بەڵام بە (حەمە ساڵح فەرهادی) ناسراوم لە ساڵی 1949 لە دایک بووم ،سەبارەت بە ژیانی ئەدەبیم یەکەمین بەرهەمی بەاوکراوەم لە گۆڤاری (تیشک) بوو لە ساڵی 1969 دا بووە، وەکو رۆژنامەنووس لە چەندین دەزگادا کارم کردووە، وەکو:رادیۆی دەنگی هەولێرو رادیۆی گوڵان لە ساڵانی 1992- 1994 ، گۆڤاری (هەنگ) ی منداڵان لە 1993- 2011) ئەندامی دەستەی نووسەران و پاشانیش بەماوەی (13) ساڵ سەرنووسەری گۆڤارێک بووم،وەکو ئەندامی دەستەی نووسەرانی چەند گۆڤارێک و بەاوکراوەدا کارم کردووە ، وەکو گۆڤاری (گوڵزار) گۆڤاری (چرۆ) ، گۆڤاری (نووسەری نوێ) وەکو دەستەی نووسەران پاشانیش سکرتێری نووسین،بەاوکراوەی (لانێ) ی منداڵان، بەشداریم لە کۆنگرەی دامەزراندن و کۆنگرەی دووەمی رۆژنامەنووسانی کوردستان کردووە لە هەولێر.
هەروەها،بەشداریم لە کۆنگرەی شەشەمی یەکێیتی نووسەرانی

کورد کردووە کە لە ساڵی 2010دا لە سلێمانی بەستراو بە ئەندامی مەکتەبی گشتی و پاشانیش بە سکرتێری کارگێری یەکێتیەکە هەڵبژردرام،ساڵانی (1997-2006) بەرپرسی بەرنامەیەکی هەفتانەی منداڵانم بە رادیۆی(هەرێم) ئامادەکردووەو لەوماوەیەدا (445) ئەڵقەی بەاوکرایەوە، تائێستا (20) کتێبم بەچاپ گەیاندووە،چەند کتێبکی تریشم ئامادەن ،چاوەڕێی دەرفەتی چاپکردنن، بەشداریم لە وەرگێران و ئامادەکردنی(8) کتێبی بەرنامەکانی خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی کشتوکاڵیداکردووە، پێداچوونەوەی زمانەوانیم بە (8) کتێبی دیکەش کردووە، بەربەردەوامی لە زەربی لەژنامە و گۆڤارکاندا دا بابەت بەاو دەکەمەوە .

- **چۆن بوو، بواری ئەدەبی منداڵانت هەڵبژارد؟**
- من هەر لە منداڵییەوە سەودای خوێندنەوەم هەبوو ، پاشانیش کە دەستم بە نووسین کرد، بابەتی لەکەینەوە لەبارەی رۆژنامە نووسیی کوردییەوەهەم هەڵبژارد ،پێش ئەوەی هیچ بابەتکی تایبەت بە منداڵان بەاوبکەمەوە، دوو کتێبیشم لە بارەی رۆژنامەنووسیی کوردییەوە بە چاپ گەیاندبوو.پێش ئەوەی گۆڤاری (هەنگ)یش دەربچێت لەسەر داوی هاورێی دەرینم کاک (مەولوود ئیبراهیم حەسەن) و بە هاندانی ئەو ،چەند بابەتکی کورتم لە هەفتەنامەی(پێریستان)ی منداڵاندا بەاوکردووە.ئەو هەفتەنامە یە پاشکۆیەکی تایبەت بە منداڵان بوو،کە رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) دەریدەچواند.

کەگۆڤاری (هەنگ)یش لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیرییەوە دەرچوو و دکتۆر مەولوود ئیبراهیم حەسەن بوو بە سکرتێری نووسینی گۆڤارکەو لەسەر داوای ئەو لەیەکەم ژمارەی گۆڤارکەدا بابەتکم بە ناونیشانی (هەنگ)نووسی وئەو بابەتەلە دوای سەروتاری گۆڤارکە،یەکەم بابەتی گۆڤارکە بوو تێیدا چەند زانیاریەکم لە بارەی هەنگەوە بە منداڵان بەاوکردووە.

لە ژمارە(2)ی گۆڤارکەشەوە بەفەرمی کرام بە ئەندامی دەستەی نووسین، ئیتر تادوا ژمارەی گۆڤارکە کەلە ساڵی (2011 دا تێیدا بەردەوام بووم ، پێنج ساڵ وەکو ئەندامی دەستەی نووسین و سەزدەساڵیش وەکو سەرنووسەر .

- **ئەو بنەمایە سەرکییانە چین ،کە پێویستە لە نووسینی ئەدەبی منداڵان دەبە رچاو بکرێت؟**
- هەندک بنەمای سەرکی هەن، پێویستە لە نووسینی ئەدەبی منداڵانەچاو بکرێت لە مانە:

1- بابەتەکە بە زمانێکی پاراو و منداڵانە بنووسرێت و هێنووسەکەی لەگەڵ هێنووسی کتێبەکانی بەرنامەی خوێندنی قوتابخانەکان بگونجێت،وشەکان لە فەرهەنگی منداڵەوە هەڵقوڵابن، بابەتەکە کورت بێت و درێژدارییەتدا نەبێت، بابەتەکان لە هەرجۆرێک بن، دەبێ بشێوەیەکی پێروردییانە بخرێنە بەرچاو.
2- ئامێژگارییەکان ،ئەگەر هەبێ ،راستەوخۆ و لە شێوەی ئەمر و نەهیدا نەبێت،رێچاوی ئەو بەهایانەی تێدا بکرێت، کە بوونەتە بنەما لە ئەدەبی منداڵاندا،بایەخ بە سایکۆلۆجییەتی منداڵ بدرێت،دابونەریتی رەسەنی کوردەواری و جیهانی بە منداڵان ئاشنا بکات.
3-متمانە بە خۆکردن لای منداڵ بەهێز بکات،مێژوو و شوێنەوار و ناودارانی و هتد بە منداڵان بناسێنێت، بەتایبەتی ئەو ناودارانەی خزمەتێکی بەرچاوی منداڵانیان کردووە، بەهاڕەحیلەکان لای منداڵ خۆشویست بکات،بایەخێکی تەواو بە منداڵە بەهرەدارەکان بدات و بەهەرمیان بێوبکرێتەوە،گەورەو بچووکیی پێتەکانی لە گەڵ تەمەنی مێندال بگونجێت.
4- بابەتەکان نەتەوەیی بێ وجیهانی بێت بێبەش نەخرێتە ناو قاڵبی حزبایەتییەوە،بایەخدان بە بابەتەکانی خۆ خافڵاندن و زاخاوی مەشک و کات بەسەربردن بدرێت ، دووركەوتنەوە لەو بابەتانەی کە گیانی دووبەرەکی و شەڕخوازی و تاوان لە ناخی منداڵدا زیاد دەکات .
5- باشتر وایە لاپەڕەکانی بەاوکراوەکان ڕەنگاوڕەنگ و وێنەداری بن و نرخی چاپەمەنییەکان گونجاو بێت و زەربەی منداڵان بتوانن سوودی لێوەربگرن.

- **نووسەرانی تەکستەکانی ئەدەبی مێندالان (هەنراوە،چیرۆک، ئەپێرێت،شانۆگەری..) لە کوردستان چەن هەڵدەسنگێنیت؟**

- دیارە تەکستەکانی ئەدەبی منداڵان، بە تایبەتی ئەو ژانرە ئەدەبییانەی کە باست کردوون(هەنراوە،چیرۆک، ئەپێرێت،شانۆگەری)، وەکو هەموو تەکستە گشتییەکانی دیکەی ئەدەبی کوردی ، هەموویان لایەک ئاستدا نین، تەکستی باش و سەرکەوتوو ومنداڵامان هەیە، هەروەکو بە پێچەوانەشەوە تەکستی ئاست نزمیشمان هەیە، تەنانەت، لەم چوار جۆرە تەکستەشدا ،هەنراوە،چیرۆک، پەش ئەپێرێت و شانۆگەری کەوتوون وئەم دووانەی کۆتایی هێندە ئاویان لێندراوەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ،ناتوانین بڵێین ئەو بیارە ڕەهایە و بە

بەیاری وردتر ،پەویستە بابەتەکانی هەرنووسەر و شاعیرێکی بواری منداڵان بە جیا هەڵبسەنگێندرێت.
بەگشتی ئەمە شاعیر و نووسەری بواری منداڵانمان بەپێی ژمارەی منداڵان نییە، تەنانەت ژمارەیان لە ژمارەی ئەو شاعیر و نووسەرانەش کەمترە کە کار بۆ ئەدەب بگشتی دەکەن.
ئەگەر دەزگایەکی بە توانای فەرمی هەبێت و بایەخ بە بەرهەمی سەرکەوتووی تایبەت بە منداڵان بدات و کۆشکانی چاپکردن و بڵاوکردنەوەیان لە ئەستۆ بگرێت، ئەدەبی منداڵان هەنگاوێکی دیکە دەچێتە پێش.

- **لەماوەیەدا چەند نووسەرێکی منداڵ لە کوردستان بەرهەمکانیان لەچوارچێوەی ناملەکەدا بڵاوکردەوە، پێتان وایە ئەگەرنووسەر منداڵ بێت بە منداڵ بنووسێت کاریگەری زیاتر لەوەی گەورە بنووسێت؟**
- ئەگەر داتایەکی ورد و ڕاست هەبێت سەبارەت بەو کەسانەی کە بە منداڵان دەنووسن ،چ گەورە بن یان منداڵ ،بەدیار دەکەوێت کە ژمارەی ئەو کەسانەی بەسەرکەوتوویی بە منداڵ دەنووسن زۆرکەمە ! چونکە بەپێی بەندی یەکەمی مافەکانی منداڵان ، کە پێناسەکراوە(منداڵ ئەو مرۆڤەیە کە تەمەنی لە 18 ساڵ تێنەپەڕیبێت).
کەواتە بەپێی ئەو پێناسەیە ، زیاتر لە چواریەکی دانیشتووان منداڵن و پەویستیان بە ژمارەیەکی زۆر لە ئێستا زیاتر هەیە کە کاری بۆبکەن.دەمێنێتەوە ئەوەی ئایا گەورە بە منداڵ بنووسێت باشترە، یان منداڵ بە خۆیان بنووسن.دەتوانین بڵێین ،ئەگەر ئەو ژمارە پەویستەمان لە منداڵی بەهرەمەند و بەتوانا هەبێت،باشترە منداڵ بنووسێت،بۆچی ئایا ئەو ژمارەپەویستەمان هەیە؟ بگومان نەخێر.
هەندێک کەس وا دەزانن نووسین بۆ منداڵ کارێکی ئاسانە ! بۆچی وانییە زۆر زەحمەتترە لە نووسین.

بۆ گەورە، بەرپرسیاریێتیشی زیاترە.بەپێی ئەزموونی بەندە لەو ڕووەوە ، زۆر جار هەست دەکرێت، کەئەو نووسینانەی بەناوی منداڵان بڵاو دەکرێنەوە، دەستی گەورەشی تێدایە .تەنانەت وەکوو ئەزموون لەماوەی زۆری کە لە گەڕاری (هەنگ) دا کارم کردووە، زۆرجار باوکێک یان دایکێک، چەند بابەتێکی منداڵانی هەناوگوایەهەر بابەتێک یەکێک لە منداڵانی نووسیوێتی!
لێرەدا ئەمە دەبێتە مایەی پرسیار،کەئەو ماڵە چۆن لەیەک کاتدا ئەو

هەموو نووسەرە منداڵی لە هەڵکەوتوو؟! پەیستە بوار بە منداڵ بدرێت کە ئاوڕی دایەوە بینووستێت لەو ڕووەوە هان بدرێت و هاوکاری بدرێت پەرە بە بەهرەکانی بدرێت ، بەڵام چاودێریش بکرێت، لەگەڵ ئەمەش دا ناتوانین نووسینی گەورە بە منداڵان فەرمان بکەین وبەهەند وەرنەگرین، بە تایبەتی ئەو نووسەرانەی کە توانیویانە بە سەرکەتوویی بچنە ناوجیهانی منداڵانەوە.لایەکی دیکەوە، گەورە بەرپرسیارە لە زەربەی شتەکانی تایبەت بە منداڵ "ناوی ، پەروەردەی ، خوێندنی ، ژیانی ، جل وبەرگی ،پەداویستیەکانی و چەندین شتی دیکەش، چی تەدایە ئەگەر بتوانێت بەرپرسیاریەتیی نووسینیشی بە بخاتە ئەستۆی خۆی.

- **سیستەمی پەروەردەی هەرەمی کوردستان تاچەند لە خزمەت پەروەردەی منداڵان دایە؟**

*ئەمە پرسیارێکی گرنگە ، منداڵ وپەروەردەی دروست ،واتە ئاینەدەیەکی گەش و هوونناک.بەداخەوە ئەمە سیستەمی پەروەردەمان بەو شێوەیە نییە کە لەگەڵ گەرانکاریەکانی سەردەم بگونجێت.

ئەگەر بڕاودەک لە نێوان ئەستاو(25-30) ساڵ لەمەوپێش بکەین ،پێشکەوتنەکی ئەو تۆ نابینین، چ لە هووی بینای قوتابخانە و چی لەهووی بەرنامەکانی خوێندن و چ لە هووی ژمارەی مامۆستایان و چ لەهووی کردنەوەی خولی بەردەوام و شیاندن بە مامۆستایان و کارمەندانی کەرتی پەروەردە و چ دانانی بەرپرسانی پەروەردە لەسەر بنەمای ئەزموون و لێهاتوویان،ئەستاش دوو دەوامی لە بینایەی قوتابخانەکاندا زۆرە و ژمارەی قوتابییانی هەرپۆلێکیش زۆر لە پێویست زیاترە ، چەند ساڵێ وە کوو پێویست مامۆستا دانەمەزراون و جێی ئەوانەی خانەنشین دەکرێن بە مامۆستای تازە دامەزراو پڕ ناکرێتەوە.لەگەڵ ئەمەشدا دەبینین قوتابخانە ئەهلییەکان بەردەوام لە زیادبوون دان ، ئەمەش هەر بە منداڵ دەستێپشتووەکانە،نەک بە هەموان.

بۆ ئەی من پێویستە پەداچوونەوێکی خێرا بە چاکسازی لە کەرتی پەروەردەدا بکرێت و بتوانێت لەگەڵ هەوتی خۆرای سەردەم دا بگونجێت.بەداخەوە لە ئەستادا ژمارەی نەخوێندەوارانمان لە پێشان زیاترە.

- **چۆن منداڵان رابهێنن لە خوێندنەوە، ڕۆڵی قوتابخانە و خێزان دەبە چۆن بێت؟**

- قێرانی کەم خوێندنەوە قێرانێکی گشتییە و تەنیا تایبەت نییە بە منداڵان.ئێستا بە هەی زۆری زمارەی کەناڵە تەلەفزیۆنکان و ئینتەرنێت و فەیسبووک و لقوپۆپکانی و هەموو هونەرە تازکانی ئەم بوارەوە ،کە منداڵان بەتەواوی خوویان پێوە گرتووەو بووەتە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەیاندا،ئاگایان لە خوێندنەوە نەماوە.سەرڕای ئەمە منداڵ ئەگەر لە خێزانێک بێت کە گۆڕەکانی کتێب نەخوێننەوە، دەبێ چاوەڕێی چی لێبکرێت؟!
بەداخەوە زۆربەی گۆڕەکان ئامادەن دژیان جۆری دیاری بە منداڵەکانیان بکەن،کەهەندێکیان زیانیشیان پێدەگەیەنێت، وەکو یاریی چەک وتەقەمانی و جۆرەکانی تر ، بەڵام بیر لەوە ناکەنەوە کە جارێک کتێبێک ،یان گۆڤارێکی منداڵانەیان بە دیاری بە ببەنەوە و لەسەر خشتەیستیی کتێب خوێندنەوە رایان بهێنن.
- **تاچەند لەگەڵ ئەوەی لە قوتابخانە لە ماڵ ،کتێبخانە هەیە؟**
- کتێبخانە یەکێکە لە پێداویستییەکانی سەردەم ، دەبێ هەرماڵێک کتێبخانەیەکی ئاسایی تێدا بێت و بتوانرێت سوود لە کتێبخانە وەربگیرێت،ئەگەر وابێت ئەو ماڵە بە ماڵێکی زیندوو ئاوادان و پێشکەوتوو دادنرێت.
قوتابخانەش ، کە ماڵی دووەمی منداڵەو شوێنی پەروەردەو فێرکرنێتی و منداڵ کاتێکی زۆر لەوێ بەسەر دەبات ، پێویستە کتێبخانەیەکی هەبێت و ژمارەی کتێبخانەکەش لەگەڵ ژمارەی قوتابییانی قوتابخانەکە بگونجێت.
- **چیرۆک خوێندنەوە بەمنداڵ پێش خۆتن تا چەند گرنگ و پێویستە؟**
- چیرۆک یەکێکە لەو ژانرە ئەدەبییانەی کە کاریگەریی زۆری لەسەر منداڵدا هەیە.ئەمە لەبیرمانە لەسەردەمی منداڵیمان ،چەن شەوان پێش خۆتن ،دایک و داپیرە، یان هەرکەسێکی دیکەی هەندێک بۆتەمەن و ئەزموون ، چیرۆکیان بۆ دەگێڕاینەوە و ئەمەش بۆ تاسەوە گومان لە هاوەگرتن،هەتالە ناوکشوەهاوار کاریگەریی چیرۆکەکەدا خۆمان لەدەکەوت.جاران بەهەی ئەوەی هەیەکانی کات بەسەر بردن و خافڵاندن وەکوو ئێستا نەبوون ، ئەندامانی خێزان ،هەموویان لە کاتێکی گونجاو و زووداو،دەچوونە سەرجێگا و دەخۆتن . بەڵام ئێستا باردەخەکە بەگشتی گۆڕاوەو دەتوانین بڵێین ئەندامانی خێزان وەکوو جاران ئاگایان لەیەکتر نییە و هەریەکەو لە ژووری خۆیەتی ،خەریکی یارییە سەردەمکانەو ئاگای لە دەرەوە نییە.

ئەو دووجەرە ژیانە،دووجەری جیاوازن و ئەگەر خەزانێک بتوانێ هەردوو جەرلەیەکتر نزیک بکاتەوەو لەگەڵ یەک بیانگونجێنێت، کارێکی باشە ،دەنا لەوانەیە پاش چەند ساڵێکی دیکە پەیوەندییە ئاساییەکانی نێوان ئەندامانی خێزان،وەکوو ئێستاش نەمینێت.

- **ئامۆژگاری و ڕێنمایی بەڕێزتان ، بۆ منداڵان چیە؟**
- بەهەی ئەوەی ئەم بەاوکراوەی ئەوەزیاتر تایبەتە بە گەورە، نەک منداڵ پەموانییە منداڵ زۆر بیبینێت، بۆیە ڕووی دەمم دەکەمە خوشک وبراگەورەکان، نەک خوانەخواستە وەکوو ڕینماییکردنیان ، بەڵکو بۆ زیاتر بەبیرهێناوەو دیارخستنی ڕاستییەک لە بارەی منداڵانەوە، ئەویش ئەمەیە:ئەگەر ئەمە دەمانەوێ ئایندەمان لە ئێستادا باش و خۆشنتر بێت، با بەهەموومان ،چ تاک ، چ ڕەکخراو ،چ دەزگا پەوەندیدارەکانی حکومەت بشێوازێکی سەردەمییانە و پەروەردەیەکی ڕاسەن و گیانەگی نەتەوەیی و دوور لە دەمارگیری ،مامەڵە لەگەڵ منداڵاندا بکەین، چونکە پاش چەند ساڵێکی دیکە، منداڵانی ئەمڕۆ گەورە دەبن و جێگەی ئەمەی ئێستای گەورە دەگرنەوە، لە بەرزترین پلەوە تا دواترینیان.

لە کۆتاییدا بەهیوای ژیانێکی شادڕفمەندانەو پەروەردەیەکی ڕاسەن بۆ منداڵان و ئایندەیەکی گەش و خوونەاکیش بۆ کوردستان.

شیعر/ شانەی حەز.. دڵکەش قادر

لەشەوەزەنگی چاوەکانتا
کز کز دەسووتەم و دڵچەوە ناو تەنیاییەکانی دایکم و
نەفرەت لەهەرچی پەوانی دووری هەیە
دڵکەم و
تابلۆی شاماران دەکەم
بەناونیشانی خوونە
خەیاڵ
کە چاوەکانم دەخاتە سەر ڕەگای تۆ،

تۆ بۆ من ناونیشانی درێژترین ڕێگای کە دابڕان بڕێکە لەوجوودمان
من خەیاڵێکم لەسەر خەزانی گەڵایەکا پووکاوەتەوە
پووکانەوە درێژترین شەبوو کە نەماندوویست
وێستمان شتێک بوو
خەیاڵمان دەڵانکی حەتمی بوو.
ئەمێ
لەچاوەوانی هاتنی ئەو نمایشێ بووین
کە شانۆی حەزمان بسووتێنێ
شانۆی ئەمێ
خەیاڵێکە نە کۆتایی و نەگەیشتنێ سەرتای دیارێ
من نەبووم کە درامای حەزی تۆی خاڵی نەکردبێتەوە
تۆ نەبووی کەسینەمای دەم نەتخستبێتە سەما،
تۆ لە توڕەیی دوو گۆی سەربەمەرمت خوارد و
خاڵیبوونەوەت فەرمانی ئاوی کانی منەوە.
سلێمانیی
دڵکەش قادر